Kurdistan.net کوردستان نێت

# منداڵی ژیر

ئەحمەد دەشتی

زارۆکێکی ژیکەلە و جوان
لە گەل باوکی هاتە دوان
گوتی باوە تۆ پێم نالێێ
کە کورد چیە لە ناو جیهان

بۆچی دوورین لە خزم و کەس
بۆچی ئێمەش وەکو کارین
لە قوتابخانە مافمان نیە
بە زمانی خۆ وا بخوێنین ؟

من حەز دەکەم‌کوردی فێر بم
پەرتوکەکەم بە کوردی بێ
منیش وەکو هەموو کەسێ
وانەم بە زمانی  دایکم بێ

باوکی کۆسار بەدڵی برین
لە چاوانی  ڕژا ئەسرین
گوتی ڕۆلە ئازیزەکەم
کوردیەک نەبوو بۆیەدەگرین

زۆر لە مێژە داگیرکەران
لێ ناگەڕین ئازاد بژین
خاوەن خاک و زمانمان بین
کورد سەربەخۆ و  دڵشاد بژین

لانەی ژینیان داگیر کردووین
بەبێ مافی ژینیان کردووین
زمانی کوردیان قەدەغە کرد
گشت سامان و ژینیان بردووین

تا ئەوڕۆژەی بۆ کورد نەبین
گشت یەکگرتوو و دڵسۆزنەبین
هەروا نامۆ و غەریب لە ژیان



دوور لە خوێندنی کوردیش دەبین

دەبێ هەموو گەورە و بچوک
پێشمەرگە بین بۆ کوردستان
دەست لە دەستی یەکتر بنێین
سەربەخۆ کەین نیشتمانمان

کەی ئاڵای کورد لە گشت جیهان
لە تەک ئالای هەموو گەلان
شەکایەوەو دانیان پێ نابن
دەبتە ڕەسمی کوردی زمان

دەبێ ڕۆژی کوردیش هەڵیت
ســـەربەخۆبێ گشت کوردستان
ئەوســـــــا ئێمەش لە ناو جیهان
دەخوێنین ودەپەیڤین بە ، کوردی زمان

گەلێ جاران ئەم پرسیارە لە لایەن زارۆکانەوە دەکرێت و دەڵین بۆچی ئێمەش بەزمانی کوردی خۆمان ناخوێنین،کاکە هیوای ڕۆڵەی ئازیزی منیش یەکێ بوو لەو زارۆکانەی کە لە گەلمان ئاوارەبوو و کەوتینە هەندەران و چەند جار ئەم پرسیارەی لە من کردووە کە بۆچی بە کوردی ناخوێنین؟ منش بەو یادەوە ئەم هۆزانەم نوسیوە و پێشکەشە بە کاکە هیوام کە ئەمڕۆ دکتۆرێکە و زۆریشی سوپاسی دەکەم کە توانی لە ئاوەرەیی و هەندەران خۆی پێ بگەیێنی و توانی کە ببێ بە دکتۆرێک و خزمەت بە مرۆڤ بکات کە بە ئاواتەوەم ڕۆژێ بێت و لە کوردستانی ئازیزمان دا بتوانێت خزمەت بە کوردو کوردستان بکات و بە زمانی شیرینی کوردی زام و برینانی کوردەواری هەتوان بکات و وەک کوردێکی دڵسۆز لە ڕێگەی  خاک و نەتەوەکەی خۆی دا وەک پزیشکێکی دڵسۆز خزمەت گوزار بێت بۆ کوردستان ، هەر چەندکە  بێ بەش بوون لە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی و ئاواتی بە کوردی خوێندنی وەدی نەهات،بەڵام توانی کە سەرکەوتوانە لە دەربەدەری و ئاوەرەیی دا بە زمانی بێگانە بخوێنێ و ببێ بە پزشکیکی کورد ، من وەک باوکێک گەلێک سوپاسی دەکەم و ڕیزم بۆی هەیە کە ئەرکی سەرشانی خۆی کە خوێندن بوو وەدی هێناو هیوادادم هەموو زارۆکێکی کوردیش ئاوا بکاری خۆی پێ بگەیێنی و ببن بە ڕۆلەکانی سبەی گەل و نیشتمانمان.